# ئیسلام ئاینی ئاشتی ورزگاری یه، ناحەزانیش با  هەر کاویژ بکەن

## بەشی یەکەم

سوار سەلیم

ئیسلام ئەو ئاینە پیرۆزەیە کە  بۆ سەرتاسەری جیهان هاتووە ، ئیسلام بەرنامەی ژیانە چونکە  لە ئیسلامدا باسی هەموو شتێك کراوەو لە هەموو روویەکەوە تێرو تەسەلە، وە باسی هەموو پێویستی یەکانی ژیانی کردووە لە بوارەکانی کۆمەلآیەتی و ئابووری و سەربازی و .......هتد .

بەلآم دووژمنانی ئیسلام چاویان بەو راستی یانە هەلّنایەت و بەردەوام لە هەولّ و کۆشش دان بۆ ئەوەی ئیسلام لەبەر چاوی خەلّك سووك بکەن و وا نیشان بدەن کە بە کەلّکی ژیان نایەت، وە لە ئەنجامدا سەریان دەدا لە بەرد و بە دەست بەتالّی دەگەرێنەوە چونکە ناتوانن تەنها یەك رەخنەی بچووکیش لە ئیسلام بگرن کە کەموو کوڕی ئیسلام نیشان بدات، ئەو شتانەش کە گوایە رەخنەن و لە ئیسلام دەگیرێن تەنها کاویژ کردنەوەی چەند قسەیەکی کۆنی سەدان سالّەن و هەر لە کاتی خۆشیاندا وەلآمی گورچك بڕیان دراوەتەوە ، بەلآم ئەوانەی بە هاتنی ئیسلام بەرژەوەندیان تێك دەچێت و ئەو کەسانەش کە بە دژایەتی کردنی ئیسلام نان پەیدا دەکەن بەردەوامن لە کاویژ کردنەوەیان بۆ هەلّخەلّەتاندی خەلّکی سادەو نەزان ، بەلآم ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە بەشی زۆری ئەوانەی لە سایتە کوردی یەکان رەخنە لە ئیسلام دەگرن کەسانی ساویلکەو نەزانن ، بۆ نمونە یەکیك دەلێت : (بە هەمان شێوەش هەر لە دوای داگیرکردنی کوردستان-ەوە لەلایەن زایۆنیزمی عەرەبی ئیسلامی لە سالّی ١٣ك/٦٢٤ز ) کاکە گیان وەلآمی چیت بدەمەوە ؟ تۆ کەی شایانی وەلآم دانەوەی لەچەند ووشەیەکی کەمدا چەندین هەلەی زەقت کردووە !!!

١ – سالّی ١٣ کۆچیت بەرامبەر سالّی ٦٢٤ زایینی داناوە ، کامەیانت تەواوە ١٣ك یان ٦٢٤ز ، ئەگەر رۆژ ژمێری کۆنت دەست ناکەوێت بۆ خۆت بە پەنجە بژمێرە ! دەبینی ٦٢٤/١/١ ز بەرامبەرە بە (٢ /٧/٥ ك رۆژی یەکشەمە ٥ی رەجەبی سالّی دووی کۆچی) ، وە ١٣/١/١ ك بەرامبەرە بە (یەکشەمە ٦٣٤/٣/٦ ز) جا باش بزانە ئەمە یەکێکە لە کاویژەکانتان کە هەر شتێکتان دژی ئیسلام دەست کەوێت بەبێ لێکۆلّینەوە بلآوی دەکەنەوەو لە ئەنجامیشدا سەرتان دەدەن لە بەرد.(نەك هەر لەم ڕستەیە بەلّکو لە زۆربەی شوێنەکان ئاوا تووتی ئاسا مێژووەکانی بە سەقەتی نەقل کردووە بۆ نموونە لە شوێنێکی تردا نووسیویە

دوای مردنی محمد له ٦٢٢ ز لێرەشدا نەزانی خۆی دووبارە دەکاتەوە چونکە ئەو مێژووە بەرامبەرە بە ساڵی ١ ک ، بەڵام با پیاو قسەیەکیش بۆ دز بکات ئەم بەستەزمانە لەوانەیە لە شوێنێکدا بەرچاوی کەوتبێت کە پێغەمبەر (د.خ) لە ساڵی ٦٢٢ ز کۆچی کردووە بۆ مەدینە ، بەڵام ئەم قین لە دڵە بەرامبەر پێشەوای مرۆڤایەتی کە چاوی بە ووشەی کۆچ کەوتووە خەنی بووە و لە خۆشیان ژیری خۆی لەدەست داوە چونکە ئەگەر لەو کاتەدا ژیرییەکەی بمابوایە دەیزانی هەرکاتێك ووشەی بۆ لە دوای کۆچ کردن بێت ئەوا مانای کۆچ کردنەکە دەبێتە سەفەر کردن و ڕۆیشتن لە شوێنیکەوە بۆ شوێنێکی تر نەك مردن ، بەڵام ئەم برادەرە دەڵێت ئەوە بۆ کە یەکێك باسی مێژوو بکات و مێژوو بنووسێت ئێوە بە جاش و نۆکەر لەقەلەمی دەدەن؟ جا توخوا مێژوو نووسین ئاوا دەبێت پرۆفیسۆر؟!!!!!! سەیری ئەم میژووە بکە بزانە چۆن جاشایەتیەکەت بە تۆخی دیاردەکات، نووسیوتە ئەو نووسەرە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە تاکو داگیر کردنی ئیسرائیل لە لایەن لەشکری داگیر کەری ئیسلامەوە لە ساڵی ٦٢٨ز ئیسرائیل بەدەستی جوولەکەکانەوە بووە ئەی ئافەرین نووسەر ئافەرین مێژوونووس ئافەرین کاوێژکەر چۆن ئاوا بەئاسانی ئەو مێژووە جوانەت نەقل کرد؟! جارێك نووسیوتە لەو مێژووەدا ئیسلام بە سەر ڕۆمە بێزەنتییەکاندا سەرکەوت و جارێکی تر نووسیوتە ئیسرائیل بە دەست جوولەکەکانەوە بووە!! سەرت لە خۆت و خوێنەرانیشت تێك داوە ، ئەم مێژووە بەرامبەر ساڵی ٧ ی کۆچی یە لەساڵی ٧ی کۆچیش نە پێغەمبەر(د.خ) کۆچی دوایی کردبوو نە سوپای ئیسلامیش ووڵاتانی تریان ئازاد کردبوو !! ئاخۆ کورینە نهێنی ئەم مێژووە چی بێت ئەم برادەرە ئاوا دڵی بۆی ژان دەکات ؟!! خۆ جوولەکە لەو کاتەدا هیچ ووڵاتی نەبوو تا ئەم دەروێشە ئاوا بۆیان بگری !! باش گوێ بگرە با نهێنی یەکەت بۆ ئاشکرا بکەم بزانە ئەم مێژووە چۆن گورزێکی کوشندەی لە خۆت و نووسەرۆکەکەت داوە بە جۆرێك هەرچی پەردەی چەواشەکاری یە لە بەرتانی داماڵی یەو عەورەتی جاشایەتی تانی دەرخستووە و کوێریش هەستی پێدەکات ، ئەم مێژووە کە ٧ ی کۆچی یە بریتی یە لە ڕزگارکردنی قەڵاکانی خەیبەر لە نزیك شاری مەدینە کە ئاغاکانت خۆیان تیایاندا مەڵاس دابوو ، نەك گرتنی شام و ئیسرائیل و میسرائیل ، کەواتە ئەو ژانەی تۆ گرتووتە بە هۆی لەدەست دانی خەیبەرە هەی دەروێش!! نەك دەوڵەتی ئیسرائیل لە شام کە بوونی نەبوو لەو کاتەدا (دوایی ڕوونی دەکەینەوە)

٢ – نووسیوتە( زایۆنیزمی عەرەبی ئیسلامی) بەراستی سەیرە خۆ من ئەم ووشەیەم بۆ کاك دەرسیم ڕوونکردبووەوە بەڵام وا دیارە جەنابت ئاستی تێگەیشتنت نزمە ، ئایا دەزانی ئەگەر شێخەکانت بزانن کە پیرۆزترین ناوی ئەوانت لە عەرەب و موسڵمانان ناوە هیچی تر بە

دەروێشی ڕات ناگرن ؟!! با جارێکی تریش بۆت روون بکەمەوە، ووشەی (زایۆن)ی کوردی واتە (صهيون) بە عەرەبی ، جا با سەیرێکی تەوراتە گۆڕاوەکەیان بکەین و بزانین جوولەکە چەند بە ڕێزەوە سەیری ئەم ووشەیە دەکەن:

(" رَنِّمُوا لِلرَّبِّ السَّاكِنِ فِي صِهْيَوْنَ المزامير ٩) واتە سرودی سوپاسگوزاری بۆ خوا بڵێن کە نیشتەجێ ی چیای زایۆنە !! قَبَّحَهُمُ الله

(' لَكَ يَنْبَغِي التَّسْبِيحُ أَيُّهَا الإِلهُ فِي صِهْيَوْنَ، وَلَكَ يُوفَى النَّذْرُ المزامير ٦٥) واتە پاکی بۆ تۆیە ئەی خوای ناو چیای زایۆن وە بۆ تۆ (نە ذر ) دەکرێت .

(' اسْتَيْقِظِي، اسْتَيْقِظِي! الْبَسِي عِزَّكِ يَا صِهْيَوْنُ! الْبَسِي ثِيَابَ جَمَالِكِ يَا أُورُشَلِيمُ، الْمَدِينَةُ الْمُقَدَّسَةُ، لأَنَّهُ لاَ يَعُودُ يَدْخُلُكِ فِي مَا بَعْدُ أَغْلَفُ وَلاَ نَجِسٌ. الجامعة ٥٢) واتە لە خەو هەستە لە خەو هەستە جلی سەربەرزیت لە بەر کە ئەی زایۆن ،جلی جوانیت بپۆشە ئەی ئۆرشەلیم ، ئەی شارە پیرۆزەکە، چونکە هیچی تر خەتەنە نەکراو و پیس نایەنە ناوت !!! (سەیرە خۆ پڕ لە نەسرانی خەتەنە نەکراوە !!!)

کەواتە ئەی دەروێشی نەزان بە چ حەقێك ئەو ناوە پیرۆزەی جوولەکانت کردۆتە کالأی بالأی موسڵمانان ؟! ئاگاداربە نەکەویە بەر رقی شێخ شارۆن و شێخ موشێ !!!

٣ – نووسیوتە ( داگیرکردنی کوردستان... لەلایەن زایۆنیزمی عەرەبی ئیسلامی) ، لێرەشدا نەزانی خۆت چەند پات کردۆتەوە ، تۆ ئازاد کردن و داگیرکردن لە یەکتر جیا ناکەیتەوە ، ئایا کوردستان ئەو کاتە ئازاد بوو ؟ یان لە ژێر پێلأوی فارسەکان نووزەی لێ بڕا بوو و ئیسلام هات رزگاری کرد؟یان فرمێسکی تیمساحیانە بۆ دەوڵەتی ساسانی هەڵدەڕێژی؟ لە راستیدا لە کوردستان شەڕێکی ئەوتۆ دژی موسڵمانان نەکرا ، ئەو تۆزە شەڕەش کە کرا سەرکار و نۆکەرەکانی فارسەکان کردیان ، بەڵأم کاتێك گەلی کورد دادپەروەری موسڵمانەکانیان دیت بە هەزارەها دەهاتنە ناو ئەو لەشکرە ئازادی کەرەو لە ماوەیەکی کەمدا کوردستانیان لە داگیرکەرەکان پاککردەوە، لەشکری ئازادکەری ئیسلام لە پێشدا دڵەکانی داگیر دەکرد دوایی شوێنەکانی ئازاد دەکرد، با نموونەیەکت بۆ باس بکەم ﴿سەیرێکی (بە ئیسلام کردنی کورد ماستەر نامە یان هەڵە نامە؟....فازل قەرەداغی ) بکە﴾،کاتێك موغیرەی کوڕی شوعبەی نوێنەری سەعد لە شەڕی قادسیە چووە لای رۆستەم و لە تەنیشت رۆستەم لە سەر کورسی یەکەی دانیشت ، دارو دەستەکەی رۆستەمیش بە توندی دایانگرتە خوارەوە ، موغیرەش بە رۆستەمی ووت ئێمە لە ناو خۆماندا هەموومان یەکسانین ،باشتر وابوو پێتان بگوتبام کە ئێوە هەندێکتان خوداوەندی ئەوانەی ترن، لەمەشەوە دەزانم دەسەڵاتتان بەرەو

پوکانەوە دەچێت ، حوکمیش بەم ڕەفتارانە دانامەزرێت ، ئینجا دارودەستەکان کە لەو شوێنە بوون ، ئەم قسانەو قسەی تری موغیرەیان بیست ، ووتیان کابرای عەرەب ڕاست دەکات، دەهقانەکانیش (سەرکردەو پیاو ماقولان) ووتیان کابرا شتێکی ووت کۆیلەکانمان بەردەوام شەیدای ئەو ڕۆژەن ، هەر لەو شەرەدا نزیکەی چوار هەزار کورد بە سەرکردایەتی دەیلەم چوونە ناو لەشکری موسڵمانان ، دواتر یەکێك لەوکوردانە بە ناوی (قوباد) کرایە فەرمانڕەوای شاری (حولوان)، هەروەها سیاه کە گەورەی سێ سەد کەس بوو لەو گەورە پیاوانەی کە هاوڕێ ی نزیکی یەزید گورد بوون ، دوای ژمارەیەك شکست بە هاوڕێکانی دەڵێت (ئێمە دەمانووت ئەو قەومە داماوو کەساسن بەڵام ئەم وڵاتەیان گرت کەدەیبینن ،لەشکریش نییە نەیبەزێنن و قەڵا نییە نەیگرن ،سوێند بە خوا ئەمە بەرهەمی ناحەق نییە ، لە بەر ئەوە بڕیارێك بۆ خۆتان بدەن) ئەوانیش دەڵێن قسەی تۆ قسەی ئێمەیە ، ئینجا هەموویان دەبنە موسڵمان و دەورێکی کاریگەر دەگێڕن لە ئازاد کردنی شوێنەکانی تر.

هیچ ووڵات و قەڵایەك نەبووە کە خۆی لە بەرامبەر هێرشی موسڵمانەکان ڕاگرێت ،چونکە خەڵکی ئەو شوێنانە کە دادپەروەری موسڵمانانیان دەدیت لە ژێرەوە هاوکاری موسڵمانانیان دەکرد بۆ ڕزگاربونیان لە دەست فەرمانڕەوا ستەمکارەکانیان، وە بەشێکی زۆری لەشکری موسڵمانان پێك هاتبوو لە خەڵکی ناوچەکە ،ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە سوپای ئازادیکەری ئیسلام زۆر بە خێرایی هەردوو زلهێزەکان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا تێك و پێك بشکێنێت و کۆتایی بە چەوساندنەوەو دزی و جەردەیی و نا دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەو زلهێزانە بێنێت و ئاڵای یەکسانی و دادپەروەری لە شوێنیان بچەقێنێت و دوای لابردنی ئەو کۆسپانە ڕێگا خۆش بکات بۆ ئەوەی گەلانی ستەمدیدەی ژێر دەستەڵاتی ئەو زۆردارانە بە لێشاو و بە خۆشحاڵی یەوە بێنە ناو ئیسلام .